# هەڵلاج : شیعری من گفتگۆیەکی ڕاستەوخۆیە لە نێوان من و ئەنفالکراوەکاندا



دیدار : لاوان ئەحمەد

سالّح هەلاج شاعیری ناسراوی گەرمیان وکوردستان لەم دیمانەیەدا لە ڕەنگدانەوەی تاوان و مەرگەساتی ئەنفال لە شیعری شاعیرانی گەرمیاندا دەدوێت و ئێژێت: "هەریەک بە خەم و ژان و ئەندێشەکانی خۆی دەنووسێ ، ئەوە شاعیر خۆی دەزانی وخۆی سەرپشکە لەوەی بە حەقی دەزانی یان نا! بەڵام لای من جۆرێکی ترە، هەرگیز ئەوە بەحەق نازانم گەر کەسێک شیعری بۆ ئەنفال وتبێ بیکات بە منەت و پاداشت"

**- ڕەنگدانەوەی مەرگەساتی ئەنفال لە شیعری شاعیرانی گەرمیاندا جۆن دەبینی**

هەلاج : ئەنفال نەک تەنها ڕنگدانەوە بەڵکو برینێکە لە ناو هزرە ئەندێشەکانی هەموو تاکێکی کوردا مەرگە ساتێکە پڕ بە ترس و دڵەڕاوکێی ، بە خوێندنەوەی من بۆ ئەوترسانەی لە هەر ئەگەرێکی مەترسیداردا کورد سڵی لێ دەکاتەوە ئەنفالە، گەر بڕواننە کۆڕەوەکەی ساڵی 1991 ئەو ترسە بوو کە لە وە پێش گەلی کورد ئەنفالی دیبوو، بۆیە خەڵکی دەست بەرداری هەموو شتێ بوو تەنها نامووس و ڕۆحەکانیان پارست، ئەم کۆستە گەورە پاشتر لە ئەدەبیاتدا ، هەرلە (لاواندنەوە بگرە تا ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و پەخشان) لێدانەوەی ژان و خەم و مەرگەساتی ئەنفالە، بوتە شێک لە ناو شیعری زۆرێک لە شاعیرانی کوردا و گەرمیانییەکان زیاتر..

**- هەلاج شیعر و کتێبی بڵاوکەرەوەشی هەیە کە گوزراشت لە قوڵایی و گەورەیی تاوانەکە دەکات پرسیار ئەوەیە ئایا هەلاج توانیویەتی حەقی ئەنفال بدات لە شیعرەکانیدا ؟**

هەلاج : من بۆ خۆم دەگریم وەکو باوکی حەوت جگەرگۆشەی ئەنفالکراو، بە شیعر و وشەوە دەگریم ،ماوەی 24 ساڵە هەمیشە شیعرم بۆ ئەنفال وتووە ، گەر شکم بەوە ببردایە حەقی ئەنفالم دابێت لە شیعردا؟ ڕەنگە لەو هەڵاوزنایانە بکەوتمایە کە ئەحەقی شیعریم تەواو بوایە، بەڵام ئەنفال برینێکە هەمیشە لە بوونی مندا ئازارمەدات ژانرێکە ژانم دەلاوێنێ، بە بۆچوونی من حەقی ئەنفال نە دەدرێ و نە دەسەیندرێت، مەرگە ساتێکی هێندە کاریگەرە بە هیچ شتێ سارێژ نابێت.

**- لە تاوانی ئەنفالدا تۆ پانتاییەکی گەورەت بەرکەوتووە کە ئەویش لە دەستدانی خێزان و مناڵ و دایک و براکانتە ئەگەر بۆخۆت ئەو هەموو قوربانییەت نەبوایە وەک ئیستا ئەنفال حزووری دەبوو لە شیعرەکانتە ؟.**

هەلاج :ئەوەیان نازانم ؟ بەڵام زۆرێک لە شاعیران کەسیان ئەنفالنەکراوە، بەڵام خەمی شیعریان بۆ ئەنفال زۆر زۆر درێژە، ڕەنگە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەوان زیاتر نیشانەیان پێکابێ بەڵام بۆ من سەرتاپای ژیانی تەنیووم..

**- تاچەند شیعر بە فریاد رەس و هەتوانی برینەکانت دەزانی ؟**

هەلاج : وەکو وتم: شیعر بۆ من گریانە ، چی جای شیعری ئەنفال ، من کاتێ شیعری ئەنفال دەنووسم، ئەوە تەنها هزر و بیر و ئەنێشەیەکی شاعیرانە نییە لای من، بەڵکو ئەوە گفتووگۆیەکی ڕاستەو خۆیە لە نێوان من و ئەنفالکراوەکاندا، دانشتنێکی بە کۆمەڵە و لە گەڵیان دەدوێم، گوێیان لێ دەگرم ، ئەوان باسی خۆیانم بۆ دەکەن! منیش ژانی دابڕان و شین و زارییەکانم دەبن بە شیعر، شیعر فریاد سەڕ نییە ئەو فرمێسکی وشەیە. .

**- له ئاستی کوردستاندا پێت وایه چ شاعرێک حەقی ئەنفالی داوه له شیعرەکانیدا ؟**

هەلاج : وەکو وتم : هەریەک بە خەم و ژان و ئەندێشەکانی خۆی دەنووسێ ، ئەوه شاعیر خۆی دەزانی و خۆی سەرپشکە لەوەی بە حەقی دەزانی یان نا! بەڵام لای من جۆرێکی ترە، هەرگیز ئەوه بە حەق نازانم گەر کەسێک شیعری بۆ ئەنفال وتبێ بیکات بە مەنەت و پاداشت. شیعری ئەنفال سەرکێشی ئەو مەرگەساتانە بوو بەسەر گەلەکەماندا هات، "هۆشی منە" سەرکردەی شۆڕشی ڤێتنام وتوویەتی « ئەشێ پەیڤێک سەد شۆڕشگێڕ دروست بکات» بەڵام شیعری ئەنفال زمانی ئەو مەرگەساتەیە هیچ شتێک نییە لێکدانەوەی بۆ بکات.

**ئەم وشانە چۆن پێناسە دەکەیت ؟**

(ئەنفال. بەعس. جاش و موستەشار)

ئەنفال: مەرگەساتێکە تەنها خێڵە دڕندەکان پێی هەڵدەستن.

بەعس: پاشماوەی خێڵە نەزانەکانی بیابان.

جاش و موستەشار :خائین ترین خاین و خۆفرۆشترین بێ ئەخلاق.